Arbetsförmedlingen

Sydkurdiska/Sorani

Ersättning från a-kassan -
Information om ekonomisk ersättning när du
är arbetslös

2015-11

# قەرەبوو لە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی

## زانیاری لەبارەی قەرەبووی دارایی کاتێک ئەگەر بێکاربی

لەماوەی ئەو کاتەی تێیدا بەدوای کار دەگەڕێی ئەتوانی قەرەبووی دارایی وەرگری لە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی (a-kassa). قەرەبووی دارایی قەرەبووی بەشەک لەو داهاتە دەکاتەوە کە وەریدەگری ئەگەر کاربکەی. بۆ بەدەستهێنانی قەرەبووی دارایی پێویستە هەندێ مەرجت لا هەبێ. تۆ قەرەبووی زیاتر وەردەگری ئەگەر ئەندام بی لە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی بۆ ماوەی سالێک بەلای کەمەوە. بەڵام هەتا ئەگەر ئەندام نەبی لە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی هەر قەرەبووی دارایی وەردەگری.

28 سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی هەیە لەبواری پیشەسازی هەمەجوردا. ئەگەر ئێستا تۆ ئەندام نەبی لە سندوقەکی بیمەی بێکاریی گشتیی، ئەتوانی پەیوەندی بکەی لەگەڵ ئەو سندوقەی بیمەی بێکاریی گشتیی کە ئەتەوێت ئەندام بی تێیدا.

زیاتر بخوێنە لەم بارەیەدا لەسەر www.samorg.org/om-arbetsloshetsforsakringen یان www.arbetsformedlingen.se/a-kassa.

## چی پێویستە بۆ ئەوەی قەرەبووی دارایی وەربگرم؟

بۆ وەرگرتنی قەرەبووی دارایی لە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی، لەسەرەتا پێویستە مەرجی سەرەکیت لاهەبێ. کەواتە پێویستە لەسەرت

- خۆت توماربکەی وەک کەسێک بەدوای کار دەگەرێ لای بنکەی کاردیتنەوە.
- پێویستە بتوانی کاربکەی بۆ ماوەی سێ کاژمێر ڕۆژانە بەلای کەمەوە، وبە ڕێژەیەک کەمتر نەبێ لە 17 کاژمێر حەفتانە لای یەک خاوەن کار.
- هەروەها ئەبێ ئامادە بی بۆ بازاری کار، ونیازی کارکردنت هەبێ وهیچ شتێک نەبێ ڕێگریت لێ بکات لەم بوارەدا.

هەروەها ئەبێ مەرجی کارکردنت لا هەبێ. وپێش ئێستا کارت کردبێ وەک پێویست. پەیوەندی بکە بە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی کە تۆ ئەندامی تێیدا یان ئەتەوێت ببی بە ئەندام تێیدا ئەگەر ویستت زیاتر بزانی لەبارەی داواکاری وەرگرتنی قەرەبووی بێکاری.

## پێویستە چی بکەم لەو ماوەیەدا کە قەرەبووی دارایی تێیدا وەردەگرم؟

کاتێ قەرەبووی دارایی وەردەگری لە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی گرنگە بەدوای کار بگەرێی بەو شێوەیەی ڕێکەوتووی لەسەری لەگەڵ بەرپرسەکەت لە بنکەی کاردیتنەوە. کەواتە پێویستە لەسەرت

- پلانەکی کاری تاکەکەسی دانێی پێکەوە لەگەڵ بەرپرسەکەت لە بنکەی کاردیتنەوە
- راپورتی چالاکیەکەت پێشکەشی بنکەی کاردیتنەوە بکە لەکاتی دیاریکراو

Arbetsförmedlingen

- هەڵسە بە سەردانی بنکەی کاردیتنەوە یان پەیوەندی بکە بە بنکەی کاردیتنەوە، یان کۆمپانیا وڕێکخراوەکانی تری هاوکار لەگەڵ بنکەی کاردیتنەوە، لەو کاتانەی ڕێکەوتنتان لەسەر کردووە.
- بەدوای ئەو کارانە بگەڕێ کە بەلاتەوە گونجاون وبەشەیوەکی باش دەگونجێن لەگەڵ تۆ
- بەدوای هەندێ کاری تری گونجاو بۆ خۆت بگەڕێ.

**هەروەها گرنگە ماوەی بێکاریت زۆر درێژنەبێ بەرێگای**

- قەبولنەکردنی کارەکی گونجاو
- هەڵسوکەوتکردن بەشێویەک کارت بەدەست نەکەوێ
- قەبولنەکردنی بەرنامەی سیاسەتی بازاڕی کار کە کۆمەکی چالاکیی لێ وەردەگری.

**هەروەها پێویستە نەبی بەهۆکاری بێکاریت بەرێگای**

- وازهێنان لە کار بەبێ هۆکارەکی گونجاو
- هەڵسوکەوتکردن بەشێویەک ببێتە ئەگەری دەرکرنت لە کار
- وازهێنان لە بەرنامەی سیاسەتی بازاڕی کار کە کۆمەکی چالاکیی لێ وەردەگری
- هەڵسوکەوتکردن بەشێویەک ببێتە ئەگەر بنکەی کاردیتنەوە بەرنامەی سیاسەتی بازاڕی کار کە کۆمەکی چالاکیی لێ وەردەگری هەلوەشێنتەوە.

## ئاگەداری بدە لەبارەی هەر گوڕانکاریەک!

سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی تایبەت بەخۆت ئاگەدار بکەوە لەبارەی هەر شتێک کاریگەری بکات لەسەر قەرەبووی داریبیت، بۆ نموونە، ئەگەر دەستت بە خوێندن یان کارکردن کردبێ.

بنکەی کاردیتنەوە ئاگەدار بکەوە ئەگەر هەڵسای بە گورینی ناو ونیشان، ئێمیل یان ژمارەی تەلیفۆن بۆ ئەوەی هەمیشە بتوانین پەیوەندیت پێ بکەین.

## ئەتەوێت کاربکەی لەدەرەوەی وڵات؟

ئایە کارت کردووە لە وڵاتەکی تر لەناو یەکێتی ئوروپی/ ناوچەی ئابووری ئوروپی یان لە سویسرا؟ یانیش بیر لە گەران بەدوای کار دەکەی لەدەرەوەی وڵات؟ لەو حالەتە ڕێسای تایبەت هەیە. پەیوەندی بکە بە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی تایبەت بەخۆت ئەگەر بتەوێ زانیاری زیاتر بزانی.

## بنکەی کاردیتنەوە بەو کارانە هەڵدەستی

- سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی ئاگەدار دەکاتەوە کاتێک خۆت تۆماردەکەی وەک کەسێک بەدوای کار دەگەڕێ لای بنکەی کاردیتنەوە
- دڵنیادەبێ کە مەرجی وەرگرتنی قەرەبووی دارایبیت هەیە لە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی
- نامەیەک دەنێری بۆ سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی تایبەت بە تۆ:
  - مەرجت لا نییە
  - بەداوی کار ناگەڕێی بەو شێوەیەی ڕێکەوتووی لەسەری لەگەڵ بەرپرسەکەت لە بنکەی کاردیتنەوە.

- ماوەی بێکاریت درێژ دەکەیەوە
- خۆت دەبی یە هۆکاری بێکاریت

## سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی بەو کارانە هەڵدەستی

- لێکولینەوە دەکات وبریار دەدات کە مافی وەرگرتنی قەرەبووی داراییت هەیە لە سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی یان نە
- بریار دەدات لەبارەی رێژەی ئەو قەرەبووە داراییەی وەریدەگری
- وڵام دەداتەوە لەسەر پسیارەکان لەبارەی قەرەبووی دارایی
- بریار دەدات ئەگەر قەرەبووی دارایی کەمتر وەربگری چونکە بنکەی کاردیتنەو نامەیەکی ناردووە بۆ سندوقی بیمەی بێکاریی گشتیی.